
# دوعا

کاوەی خەسرەو کاوانی

**دوعا ئەوکچەیەزیدی یەیە کە لە 2007/4/7بەشێوەیەکی دوورلە مرۆڤایەتی لەلایەن کۆمەڵە کەسێك لە باشیکی یەزیدیان بەدوای ئۆتۆمبیل رایانکیشاو دواتریش بەردبارنیان کردو بە بلۆك سەریان پان کردەوە**



کە دوعایان بەردباران کرد
دوعاکانیش هەموو گریان
شەرمەزاربوون ,
وەکو جەستەی خوێناوی تۆ و
لاشەی مێینەی ناسکت
پڕ ئازاربوون ,
کە دوعایان بەردبارن کرد
یاسا بەترس و لەرزەوە
مۆڵەتی خۆی وەرگرتبوو ,
ویژدان پێش ئەو کارەساتە
تاریکی بەخۆی دادابوو
لێ ی خەوتوو بوو ,
کە دوعایان بەردبارن کرد
پەرلەمان لەناو پەرڵەمان لە پشوو بوو ,
یاسای نەمانی( غسل العار)
پەك کەوتووبوو ,
حکومەت سڕی وەك مردوو بوو ,
کە دوعایان بەردبارن کرد
ئەوەی کە لێ ی بەدەنگ نەهات
تەنیا دەنگی ئافرەتان بوو
گەروەکانیان
مادەی قورقوشمیان تێ کرابوو ,
مافی ئافرەت وەك تۆپی پێ
لەورۆژە یاری پێ کرابوو ,
ئاخ دوعاگیان
ئەو هەموو خوێنەی کەرژان
بۆئەوە بوو لە جێ ی یاسای جەنگەڵستان,

کەس لەیاسابەرزترنەبێ و

یاسابیێتە هەموو شت لە کوردستان,

ئاخ دوعاگیان

لەجێ حکومەت و پەڕلەمان

مافی مرۆڤ ,ئافرەت ,ویژدان

دوای لێبووردنت دەکەین

چاك دەزانین عیشق و میهرو لێ بووردەیت

فراوان و بێ سنوورە ,

تۆگەورەتری لەئێمەو

گەورەی خۆت بەکاربێنەو

بەزەییت پێمان بێتەوە و

بەگەورەیت بمانبوورە.